# پشتیوانی لەبزووتنەوەی هەنووکەیی و پێداگری لەسەر خواستەکانمان




ئەنوەر ئەسەدزادە

نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە کە هەر وەك کەس بیری نەدەکردەوە ببێتە بزووتنەوەیەکی بەرینی لەمشێوەو سەرەرای ئەوەی کە رووبەرووی سەرکوتی توندی هێزە ئەمنییەکان بۆتەوە، هێشتاکە لە تایبەتمەندی بەردەوامبوون خالی نەبۆتەوەو وەك بزووتنەوەیەکی رەسەنی سیاسی،کۆمەلایەتی مۆرکی خۆی لەهەموو رەهەندەکانی کۆمەلگای ئێران داوە. ئەگەرچی ساختەکاری لەئەنجامی هەلبژاردنەکاندا بووە هۆکار بۆ تەقاندنەوەی ئەم ئاخێزەو شکلگرتنی بزووتنەوەیەکی لەمشێوە، بەلام هۆکاری ئەم ئیعترازەو دژایەتی نواندن لەدژی کۆماری ئیسلامی سەرچاوگەکەی دەگەرێتەوە بۆ سی سال دەسەلاتی دیکتاتۆریانەی رژیم لەدژی گەلانی ئێران.

بزووتنەوەی پاش هەلبژاردنەکانی خولی دەهەمی سەرۆك کۆماری ئەگەرچی هێشتاکە نەبۆتە جێگەی پەسەندی بەشێك لەئۆپۆزیسۆنی کوردو هەنووکەش بەچاوی گومانو دودلییەوە تێروانینی بۆدەکرێت، بەلام تێپەرکردنی قۆناغە جیاوازەکانو چییەتی راستەقینەی ئەم بزووتنەوە دەتوانێ هێندێك لە نیگەرانیو گومانەکان برەوێنێتەوە. پاش راگەیاندنی ئەنجامی هەلبژاردنەکان ئێمە شاهیدی هاتنە مەیدانی بوێرانەی کۆمەلانی خەلك بووین لەدژی راگەیاندنی ئەنجامی هەلبژاردنەکانو نارەزایەتییەکان بەشێوەیەکی تەواو هێمنانەو ئەم خرۆشانە، تەنیا بۆ وەرگرتنی دەنگەکان هاتە ئاراوە. بەلام هەروەك چاوەروان دەکرا کۆماری ئیسلامی وەك هەمیشە تەحەمولی ئەم هاتنەمەیدانە هێمنانەی نەکردو دەستبەجێ لەرێگەی هێزە ئەمنییو لیباس شەخسیەکان دەستیان دایە سەرکوتو کوشتنو لەنێوبردنی نارازییان. لەبەرابەر ئەوەشدا خەلکی شارەگەورەکانی ئێرانو بەتایبەتی پایتەخت بێ هیچ ترسو دلنیگەرانییەك بەربلاوتر لەجاران هاتنە مەیدانو ئەمجارە تەنانەت خۆیان لەچوارچێوەی ئەو بەربەستانەی کە پالێوراوانی نارازی بۆیان دیاریکردبوون، دەرباز کرد. هێنانی دروشمی دیکەو سەرهەلدانی لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا دەریخست کە نیگەرانی ئەم خەلکە تەنیا ناگەرێتەوە بۆ ساختەبوونی ئەنجامی هەلبژاردنەکان.

پێویستە لێرەدا جەخت لەسەر ئەم خالەش بکرێتەوە کە تەنانەت دەنگدانی خەلك بە ریفۆرمخوازانی دەولەتیش لەئاراستەی دەنگنەدان بە ویلایەتی فەقیە و لە راستیدا بە گشتییەتی سیستەمی سیاسی حاکم بووە.

سەرجەم دەرفەتو بۆنەکان هەنووکە بۆتە پانتایی دەربرینی نارەزایەتی کۆمەلانی نارازی. ئەگەر لەسەرەتا زۆر کەس باسیان لەوە دەکرد کە هاتنەمەیدانی کۆمەلانی خەلکی ئێران لەرۆژی قودسدا رێکەوت بووەوە، بەلام خۆپیشاندانی ١٣ی ئابان ئەو گریمانەیەی پووچەلکردەوەو ئێمە شاهیدی برینی قۆناغێکی دیکە بووین لە بزووتنەوەکە. خۆپیشاندانی رۆژی ١٣ ئابان بگرە خاوەن هەندێك جیاوازی بوو کە بووە جێگەی قسەو باسی بەشێکی زۆر لە کارناسانو تەنانەت ئەو سنوورانەشی بەزاند کە هەندێك لەریفۆرمخوازانی حکوومەتی لێی نیگەران بوونو ئێمە شاهیدی بازدانێکی گرنگ بووین لەلایەن بزووتنەوکەوە. دانی دروشمی خامنەیی قاتلە ویلایەتیش باتلەو هەروەها داگرتنی وێنەی خامنەیی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامیو لەرۆژی ١٣ی ئابان خۆی نیشانەیەکی بەهێزە لە دوور کەوتنەوەی کۆمەلانی خەلکی لەدروشمو پەیامەکانی پالێوراوانی نارازی. گشت ئەمانەش ئاماژەیەکی روونن کە پێمان دەلێن ئەم بزووتنەوەیەو تەنانەت جەوهەرە سەرەکییەکەی دوورە لە دروشمە سەرەتاییەکانو ئەم بزووتنەوە بەدوای ئامانجێکی گرنگتردا دەگەرێت. بەشێوەیەکی گشتی کەشو هەوای زال بە سەر نارەزایەتییەکاندا گۆرانی بەسەردا هاتووەو ئاستی نارەزایەتییەکان بەرەو شکاندنی تابۆکانو هێنانە گۆری هەندێك بابەتی هەستیارو بقە هەلکشاوە. ئەوە راستییەکی حاشاهەلنەگر بوو کە موسەوی خۆی بەوەفادار بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی ناو لێدەبردو باسی لە کۆماری ئیسلامی نە وشەیەك زیاتر و نە کەمتردەکرد، بەلام ئەوەی ئاراستەی بزووتنەوەکە دەریخستووە دەربازبوونو هەرەشە کردنە لە چییەتی کۆماری ئیسلامیو دژایەتی کردن لەگەل ویلایەتی فەقیە و تەواویەتیی رژیم. بەرزکردنەوەی دروشمی کۆماری ئێرانی لەجیاتی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت راستی ئەو قسەمان بۆ بسەلمێنێت. پشتیوانی کردن لەم بزووتنەوەیە بەمانای پشتیوانی کردن نییە لە کەسانی وەك موسەوییو کەروبیو هتد. کەوایە خەلکی کوردو بەتایبەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئەم گەلە دەبێت خوێندنەوەیەکی دیکەی هەبێت بۆ ئەم بزووتنەوەو بە تێگەیشتن لەم راستیەش دەبێت ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەشێوەیەکی ژیرانەو بە فۆرمۆلە کردنی خواستەکانی خۆیان کەلك لەو دەرفەتانە بگرێت، وا ئێستاکە هاتۆتە ئاراوە.

ئەگەرچی ئێمە لەسەرەتادا بەخشکە و لەرێگەی هەندێك لەراگەیاندنەکانی پالێوراوەکاندا شاهیدی ئەوە بووین کە باسی هەندێك لەمافە کولتووریو سیاسیەکانی گەلی کوردیان هێنایە بەرباس، بەلام دواتر کاتێك سەیری راگەیاندنەکانی پاش نارەزایەتییەکان دەکەین بەهیچ شێوەیەك باسێك سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی گەلانی ژێردەستەی ئێرانیو بەتایبەتی کوردی تێدا نابینرێ. لەلایەکی دیکەوە ئێمە لەماوەی ٥ مانگی رابردوودا شاهیدی کوشتنی زیاتر لە٤٠کەسو بریندار بوونی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە شارۆمەدانی گەلی کورد بووین، بەلام لەهیچ شوێنێکدا نەمان دی کە پالێوراوانی نارازی لەمەحکوومییەتیان قسە بکەنو ئاورێك لەم سەرکوتانە بدەنەوە. ئەمەش راستیەکی شیاوەو بزووتنەوەی کورد دەبێت لەبەرچاوی بێت، بەلام ئەوەی پێشووتریش ئاماژەم پێدا هەموو شتێك لە قۆرغی ریفۆرمخوازاندا نییەو بۆیە نابێت ئێمە وەك بزووتنەوەی خەلکی کورد خۆمان گرێ بدەینەوە بە قسەو لێدوانەکانی کەسانی وەك کەروبیو مووسەویی. ئێمە لەلایەکی دیکەوە شاهیدی ئەوەین کە بەشێکی لەرێبەری بزووتنەوەکە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینە لەدەرەوەی ولاتو هەروەها بزووتنەوەکانی خوێندکارانو ژنانو کرێکارانو بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە ئازادیخوازەکان رێکدەخرێت، بەم بۆنەوە دووری گرتن لەم بزووتنەوەیە لەسوودی بزووتنەوەی کوردو بەگشتی خەلکی کورددا نییە. مێژووی خەباتو راوەستاویی خەلکی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان لەدژی کۆماری ئیسلامی لە سی سالی رابردوودا نیشانەی درکی قوولی ئەم بزووتنەوەیەو هێزە سیاسییەکانی بووە لە چییەتی نادێمۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی. خەلکی کوردو هێزە سیاسییەکانی بەتەواوی هەولو تێکۆشانەکەی بە باقی گەلانی دیکەی ئێرانو بە بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەری نیشانی دەدا کە ئەم رژیمە دیکتاتۆرەو دژی تەواوی بنەماکانی دێمۆکراسیو مافەکانی مرۆڤە.

بۆ ئەم مەبەستەش بەداخەوە هەمیشە تەنیا کەوتۆتەوەو لە پێناو مافەکانی سەختیو نەهامەتی چێشتووە. کەوایە ئێستاکەو پاش ئەوەی بەشێکی زۆری خەلکی ئێرانو هەروەها ئۆپۆزیسیۆنەکان گەیشتوون بەو قەناعەتەی خەلکی کورد، بزووتنەوەی گەلی کورد دەبێت وێرای پشتیوانی کردن لەسەرهەلدانی خەلکی ئێران، ئەم سەرهەلدانە بەخالێکی وەرچەرخان لەبزووتنەوەی سەراسەری خەلکی ئێران لەقەلەمبداو چی بۆ بکرێ لەپێناو ئامادەکردنو رێکخستنی کۆمەلانی خەلکی کورد لەپشتیوانیکردنی ئەم جوولە بەهێزە کۆمەلایەتی- سیاسیەی لەدژی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە ئاراوە ئەنجامی بدات.

کۆمەلە وەك هێزێکی سیاسی کە خاوەن پێگەو جێگەیەکی بەهێزە لە بزووتنەوەی گەلی کوردستاندا وێرای ئەوەی لەسەرەتاکانداو لەسەر ئەساسی خوێندنەوەیەکی واقیع بینانە دژی هەلبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری بوو، بەلام دواترو لەگەل سەرهەلدانی ئەم بزووتنەوەیە لەرێگەی کەنالو راگەیاندنەکانی پشتیوانی خۆی لەم بزووتنەوەیە دەربریوەوە چی بۆ کرابێت لەپێناو گرێدانەوەی بزووتنەوەی گەلی کورد لەگەل بزووتنەوەی سەرتاسەری ئەنجامی داوە. کۆمەلە بەخوێندنەوەیەکی ژیرانە لەدۆخی هەنووکەیی بزووتنەوەکە رایگەیاند کە سیاسەتی دروست لەم برگە هەستیارە مێژووییەدا ئەوەیە کە کە هەموو لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان بە رێکخستنی خەلکی کوردستان لەسەر بنەمای کەلك وەرگرتن لەم دەرفەتەو هەول بۆ هێنانە ئارای پرسی کوردو داخوازییەکانیان خۆیان رێك بخەن. بەگشتی پەیامی کۆمەلە بەسەرنجدان بەگشت کەمو کورییەکانی نارەزایەتیەکانی ئەم دواییانەو بەتایبەتی رێبەرییەکەی ئەوە بوو کە گونجاوترین هەلوێست لەم قۆناغەدا کە ئاکامەکەی بە قازانجی خەلکی کوردو بزووتنەوەکەی دەشکێتەوە، بەشداریو پشتیوانی چالاکانەیە لەم بزووتنەوەیەدا. خەلکی کورد لە سی سالی رابردوودا گونجاوترین دەرفەتی بۆ خولقاوە کە بتوانێ وێرای پێداگری لەسەر داخوازییەهاوشێوەکانی لەگەل باقی گەلانی ئێران لەچەشنی دێمۆکراسیو مافی مرۆڤو داخوازییە رەواو لەمێژینەکانی خۆی بێنێتە گۆرێو بە نواندنی رۆلێکی ئەکتیڤ لەم بزووتنەوەیەدا جارێکی دیکە بیسەلمێنێت کە کوردستان وەك هەمیشە سەنگەری خەباتو خۆراگرییە لەدژی دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی. خەلکی کورد لەم سەردەمەدا دەتوانێ دۆستانو لایەنگرانی زیاتر بەلای خۆییو بزووتنەوەکەیدا رابکێشێت کە دەتوانێ لەداهاتوودا کاریگەری باشی هەبێت لەچارەنووسی گەلەکەمان.

دووری گرتنو خۆ خستنە پەراوێزەوەو لە دوورەوە سەیرکردنی بزووتنەوەکەو رووداوەکانی ناوخۆی ئێران نەك لە قازانجی خەلکی کورد نییە، بەلکوو رەنگە لەدواتردا ببێتە هۆی گرفتو کێشە بۆ خەلکی کوردو تەنانەت ئەم بابەتە دەتوانێ بزووتنەوەی کوردستان ئیزۆلە بکات. کە وایە هێزو لایەنە سیاسییەکانی کورد دەبێت بەشێوەیەکی ژیرانە ئەزموونی چەندین سالەی خۆیان بخەنە گەر بۆ چەسپاندنی هەرچی زیاتری خواستە رەواکانمانو جێگیرکردنیان لە ناو داخوازییەکانی بزووتنەوەی سەرتاسەری لە ناوخۆی ئێراندا.

## قەتلە زنجیرەییەکان تاوانێکی لەبیرنەکراو





**بەشی سیاسی :** نزیك بە یازدە سال بەسەر جەنایەتی قەتلە زنجیرەییەکانی پاییزی ١٣٧٧ لە ئێران تێدەپەرێت. جەنایەتێك کە کەسایەتی و روناکبیرانی سیاسی زۆری بە بێ هیچ تاوانێك و تەنیا بە هۆی بیرجیاوازییەوە کردە قوربانی خۆی. دیکتاتورییەکانی دونیا لە مێژوویی خۆیاندا زۆر وەك یەك بۆ راگرتنی دەسەلاتی سەرەرۆیان هەنگاو هەلدەگرن. فاشیزم و نازیسم لە مێژووی نەچەندان دوری جیهان، نمونەی بەرچاوی هەلسوکەوتی درندانەو پیلانگێرانەن لەگەل رووناکبیران و بیرجیاوازانی ولاتەکەیان. ئەم دیکتاتۆرانە یان هەولیان داوە رووناکبیرانی رەخنەگر دەستەمۆی دەسەلات بکەن و بە هەر شێوەیەك بێت پێگەیەکی دروینیان پێ ببەخشن لە دەسەلاتدا و یان ئەگەر بەقسەیان نەکردن، دەکەونە بەر زەبری تۆلە سەندنەوەو کوشتاری بێرەحمانە و پیلانگێرانەوە.

سەردەمی دەسەلاتداری خاتەمی وەك دەولەتی ئیسلاحخوازی دەولەتی لە ئێران، ئەو سەردەمە بوو کە وەزارەتی ئیتلاعات بە پشتیوانی خامنەیی رێبەرەوە، هەستی بە ترس لە کۆمەلێك روناکبیرانی و بیرجیاوازنی سیاسی و رەخنەگر کرد و شانۆیەکی نوێ لە جەنایەتی بە کردەوە دەرهێنا. داریوش و پەروانەی فروهەر، مەجیدی شەریف، محەممەد جەعفەری پویەندە، محەمەدی مۆختاری و زۆر کەسی دیکە لە بیرجیاوازانی ئێران، لەو کەسانە بوون کە بە بریای شومی وەزارەتی ئیتلاعات بە خراپترین شێوەیان لە مالی خۆیان یان لە بیابانە دورەکانی دەوروبەری تاران بێ رەحمانە تێرۆر کران. جەستەی لە خوێن گەوزاوی فروهەرەکان لە شەوی ٣٠ی خەزەلوەری ٧٧، وێنایەکی راستەقینە لە نەفرەت و خوێنمژی خامنەیی و دارودەستەکەی بوو.

وەزارەتی ئیتلاعات وەك چاوی سەرەکی و ئەمنی دەسەلاتی ویلایەتی فەقیە لە ناو کومەلگادا، زۆر بەوردی و لە مێژ بوو هاوکات لەگەل سەرهەلدانی رەوتی ریفۆرمخوازی و ئاستێك لە جولەی کۆمەلایەتی بیرجیاوازان و چالاکانی مەدەنێ، کەوتبووە خۆ و مەترسی پێگەیشتن وکاریگەری چالاکییەکانی کۆمەلێك لەو بیرجیاوازانە بوو. ئەمە دەتوانین وەك سەرەکیترین هۆکار و پالنەری ئەم جەنایەتانە دەستنیشان بکەین. دۆری نەجەفئابادی وەك وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکات، هەر زوو دەرکەوت کە فەرمانی ئەم جەنایەتانەی بە وەزارەتی ئیتلاعات و کەسانی وەك سەعیدی ئیمامی جێگری وەزیری ئیتلاعات دابوو. هەر بۆیە بە لەقاودرانێکی زۆر ئاسایی فایلەکانی قوربانیان، وەزیری ئیتلاعات ئیستعفا(ئیستقالە)ی لە پۆستەکەی خۆیدا و سەعیدی ئیمامیش بە ناوی دەرمان خوارد کردنی واجبی پێی، رایانگەیاند کە خۆکوژی کردووە و بەم جۆرە، پەروەندەکانیان داخراو و تەواو راگەیاند.

ئەو گروپە بەناو سەرەرۆیەش کە بە گروپی (لایەنگرانی ئیسلامی نابی محەممەدی مستەفا نەواب) لە ناو دلی وەزارەتی ئیتلاعات بە راگەیاندنێك خۆی ئاشکرا کرد، کەس نەیزانی دەزگای قەزایی چلۆن بە پیلان رزگاری کردن و تەنانەت ناوی خوازراویان لە کاتی دادگایی کردنێکی درۆییندا بۆ دیاری کردن.

بەم پێیە دەتوانین بلێین: یەکەم هۆکاری ئەنجام دانی ئەو جەنایەتەی وا بە ناوی قەتلە زنجیرەیەکان ناسراوە، سرینەوەی بیرجیاوازان و روناکبیرانی سەرەکی ناو کۆمەلگا بە شێویەکی ترسناك بوو کە هاوکات بە مەبەستی زالکردنی کەشی ترس وتۆقاندن، خەلکی دیکە و کۆمەلگاشیان پێ چاوترسێن دەکرد. دووهەم: جەنایەتەکە بە پیلان و هاو ئاهەنگی خامنەیی رێبەری رژیم، دوری نەجەفئابادی وەزیری ئیتلاعات و پاشان بە هاوکاری دەزگای قەزایی، فەرمانەکەی جێبەجێکرا و تاوانبارانیش لێی دەرباز کران. سێهەم: دەولەتی ئەوکاتی خاتەمی ئەگەرچی لە لوتکەی بەهێز بوونی خۆیدا بوو نەتەنیا ئەم پرسە گرنگەی ئیهمال کرد بەلکوو هەر نەیشیوێرا هیچ بەدوادا چونێکی یاسایی شیاوی بۆ بکاتو بە کردەوە خۆی بوو بە هاوتەریب و هاوبەرژەوەندی لەو جەنایەتەدا.

خالێکی جێگەی باسی دیکە پاش تێپەر بوونی زیاتر لە یەك دەیە لەم جەنایەتە ئەوەیە کە ئەگەرچی ئێستا بە خۆشحالیەوە پچووکترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ بەدەست کۆماری ئیسلامی و دامودەزگای سەرکوت ناشاردرێتەوەو بە خێرایی رای جیهانی لێ ئاگادار ئەبێت و دەتوانێ ببێت بەگوشارێك بەسەر رژیمەوە، بەلام ئەوکات هەرگیز ئەو جەنایەتە گەورانەی بە دژی بیرجیاوازان کرا سەرەرای هەولی بنەمالەکانیان و هەندێ لە رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان، کەمترین دەنگدانەوەی بەداخەوە لە ئاستی جیهانیدا پەیدا کرد و جەنایەتکارانی رژیم لە بێدەنگی و چەشنێك لەشەوەزەنگدا ئەم پیلانە دژە ئینسانیانەیان جێبەجێ کرد.

ئێستا بەهێز بوونی بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازانەی کۆمەلگای ئێران،دەتوانێ بەکەلك وەرگرتن لە ناکۆکی دنیای رۆژئاو و رژیمی ئێران، بەکەلك وەرگرتن لە شەپۆلی گەورەی لەقاودانی مافی مرۆڤ لە دژی ئێران کە بۆتە شەپۆلیکی جیهانی و سەرجەم دەرفەتەکانی دنیای مەجازی و راگەیاندن، بە زیندوو کردنەوەی ئەم پەروەندانە، زیاتر لە هەمووکاتێك کارنامەی پر لە جەنایەتی کۆماری ئیسلامی بخاتەوە بەردەم رای جیهانی و رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ. ریسواتر کردنی هەرچی زیاتری دەسەلاتدرانی ئێران و گوشار خستنە سەر ئەوان، کارێکی خەباتکارانەو پێویستە لەم هەلومەرجە هەستیارەی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا. بێ شك بیرجیاوازانو بزاوتی ئازادیخوازانەی ئێران، تازە کەلێنی گەورەیان خستۆتە نێو دەزگای حاکمییەتەوەو سوورن لەسەر بەرخۆدانیان لە پێناو گەیشتن بە خواستە رەواکانیان واتە: دێمۆکراسی و عەدالەتی کۆمەلایەتیدا.